# کەلتوری ئوروک و بڵاوبوونەوەی لە کوردستان

عثمان توفيق فتاح، كوزاد محمد احمد

بەشی شوێنەوار، کۆلێجی زانستە مروڤایەتییەکان، زانکوی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە –** ئوروک بە سەردەمی بڵاوبوونەوەی شارستانیەت دەبینرێت، کە زۆربەی مێسۆپۆتامیا و زاگرۆسیی کۆنی داپۆشیبو. کوردستانی کۆنیش بەشێک بووە لەو کلتورە و بۆ ماوەیەکی زۆر کۆنترۆڵی کوردستانی دەکرد لە ڕێگەی بنکە بازرگانی و کارگێرییەکانیەوە، بەڵام دانیشتوانی ئەودەمەی کوردستان هەمیشە کلتووری خۆیان پاراستووە. سەرەڕای ئەوەش، دۆزینەوە شوێنەوارییە نوێیەکان لە کوردستانی باشوور زانیاری جیاوازتر پێشکەش دەکەن لەوانەی کە دەربارەی ئەم کەلتوورە لە باشووری مێزۆپۆتامیا زانراوە. ئەم توێژینەوەیە باس لە سەرهەڵدان و ئاوابوونی کەلتوری ئوروک ئەکات و باس لە گرنگترین شوێنەکانی کوردستان ئەکات کە کەرەستەی بەرجەستەی ئەم کەلتورەی لەخۆگرتوە.

**کلیلی ووشە:** سەردەمی ئوروک، کەلتوری ئوروک، مێسۆپۆتامیا، کوردستانی کۆن، کۆلۆنیالی ئوروک/ نشینگەی بازرگانی.

## ١: دەرکەوتنی ئوروک:

شوێنەواری شاری ئوروک/ وەرکا، بە بنەوانی سەردەمی ئوروک دائەنرێت و ٦٠کم لە باکوری ڕۆژئاوای شاری ناسریەوە دووره. بۆماوەی نزیکەی ٨٠ ساڵ لەلایەن چەندین تیمی ئەڵمانیەوە کاری کنەوپشکنینی تێدا ئەنجامدراوە، چینەکانی (١٦ بۆ ٤) قۆناغە جیاوازەکانی کەلتوری ئوروکیان لە خۆگرتوە .(Charvat, 2002,118-119)، و زۆربەی بنەماکانی کەلتوری ئوروکی تێدا دۆزراوەتەوە (Kuhrt, 1995, 22.). ئەم ناوەندە لە هەزارەی چوارەمی پ.ز. دا لە بنیاتنانی شارستانیەت و یەکەمین شارەکاندا ڕۆڵی گرنگی هەبوو (Selz, 2020, 163.). لە کۆتاییەکانی ئەم کەلتورە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو شارستانی بون ڕۆیشت (Binandeh, et al., 2012, 35).

ئەلگەیز Algaze سەرەتای سەردەمی ئوروکی بۆ ٣٨٠٠پ.ز. گەڕاندۆتەوە (Algaze, 2000, 23-24). بەم پێیەش بێ سەردەمی ئوروک نێوان (٣٨٠٠- ٣١٠٠ پ. ز.) ئەگرێتەوە (Stein, 1996, 205). ئەوەی جێگای پرسیارە ئەوەیە ئایا ئوروکییەکان هەمان خەڵکانی سەردەمی عوبەیدن یان گەلانی ترن و تازە هاتون؟ ئایا گۆڕانکارییە ژینگەییەکە هۆکاربوە بۆ هاتنی گەلی نوێ؟ دیارە گۆڕانکاری هونەری ئەگەر گشتگیربێ لەماوەیەکی دیاری کراودا ڕویدا ئەتوانین بڵێین کە کەلتورە نوێیەکە زادەی داهێنانی خەڵکی نوێن. جیاوازی کەلتوری عوبەید و ئوروک لەچەند بنەمایەکدا دەرئەکەوێ، لەوانە داهێنانی نوسین و مۆری لولەیی و زەققورە، ئەم گۆڕانکارییە کەلتوریانە وای کردوە کە بوترێت بەشێک لە کەلتوری ئوروک داهێنان و بەرهەمی ئەوخەڵکانەن کە تازە هاتونەتە ناوچەکە (Hutchinson, 1935, 220-221). داهێنانی چەرخی گڵێنەسازیش یەکێکی ترە لە جیاوازیەکانی کەلتوری عوبەید و ئوروک (Selz, 2020, 169).

## ٢: بڵاوبونەوەی کەلتوری ئوروک

لە نیوەی دووەمی هەزارەی چوارەمی پ.ز.، باشورییەکان سیستەمی کۆلۆنیاڵیان هینایە کایەوە بۆ دەست خستنی کەرەستەی خاو (Algaze, 1989, 571). سەردەمی ئوروک لەپاڵ داهێنانە ناوازەکانی ( Charvat, 2002, 118-119) سەردەمی پەلکێشان و فراوان بوونیشە، ئاماژەی بەوە دراوە کە یەکەم قۆناغی پەلهاوشتن لەباشورەوە بەرە و باکور لە سەردەمی ئوروک دەستی پێکردوە ( Stein, 2012, 126)، بەتایبەت ئەو دەمەی کە باکور خاوەنی سەرچاوەی سروشتی بوو، کە پێویست بوو بۆ تێرکردنی پێداویستیەکانی باشور (Algaze, 1993, 2). پەلهاویشتن لەڕێگەی بازرگانییەوە باوترین ڕێگای فراوان بونی کەلتوری ئوروکە بۆ ناوچەکانی دەروبەری خۆی (Stein et al., 1996, 205) چەندین زاراوەی سیاسی بۆ دیاردەی بڵاوبونەوەی ئەم کەلتورە بەکارهاتوون، وەک "سیستەمی جیهانی ئوروک" "Uruk World System" (Algaze, 1993, 1). "داگیرکاریی ئوروک" "Uruk Imperialism" و "ئیمپراتۆریەتی ئوروک" "Uruk Empire" (Algaze, 2001,30) "دیاردەی ئوروک" "Uruk Phenomenon" و "دەستێوەردانی ئوروک" "Uruk Intrusion", (Slez, 2020, 165).

بۆچونەکانی پێشوتر سەرەتای فراوانبونی کەلتوری ئوروکیان گەڕاندۆتەوە بۆ سەردەمی ئوروکی ناوەڕاست، بەتایبەت ئەوکاتەی کە تازە دەوڵەتە شارەکان لە باشووەی مێسۆپۆتامیا دەرکەوتبون، ئەم پەلهاوشتنە لەسەردەمی ناسراو بە ئوروکی دوایی Late Uruk گەیشتە لوتکە (Stein, 2012, 141). هەندێك شوێنەواناس پێیان وایە لە سەردەمی ئوروکی ناوەڕاست بۆ ئوروکی دوایین (٣٧٠٠-٣١٠٠ پ.ز.) ئەم داگیرکاریە فراوان بووە بۆ (سوریا و ئێران و ئەنادۆڵ)ی ئێستا ( Stein, 2001, 265). بەڵام کنەوپشکنینە نوێیەکانی کوردستانی باشور بەتایبەت ئەوانەی گردی قەڵا و لۆگردان لە نزیک چەمچەماڵ ئەو بۆچونەیان خستۆتە ژێر پرسیارەوە، چونکە گڵێنە

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 9، العدد 4 (2023) ؛ عدد الصفحات (8)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v9n4y2023.pp81-88
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 14 ايار 2023 ؛ قُبل في 25 حزيران 2023؛ نُشرت في 11 تشرين الأول 2023؛
البريد الإلكتروني للمؤلف: kozad.ahmad@univsul.edu.iq, othman.tawfeeq@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر © عثمان توفيق فتاح، كوزاد محمد احمد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

و بیناسازی ئوروک لەم دوو شوێنەوارە بۆ ٣٩٠٠ پ.ز. ئەگەڕێنەوە (Vallet, 2017, 61) کە لەوانەی باشور کۆنترن.

فراوان بونی ئوروکییەکان بۆ دەستخستنی کەرەستەی خاوی باکور چەند شێوازێکی هەبو، لەوانە داگیرکاری، دانانی بنکەی بازرگانی و بازرگانی دوور مەودا (Stein, 2012, 141). بەهۆی ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر، زۆرێک لە شوێنەوارناسان بەتەنها چاویان لەسەر بنکە و ناوەندە کۆلۆنیاڵیەکان/نشینگە بازرگانیەکانی ئوروک بو لە دەرەوەی سنوری باشوری مێسۆپۆتامیا، گرنگیان بە پێگە و ڕۆڵ و پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگە ڕەسەنەکانی ئەوناوچانە نەئەدا کە کەوتبونە ژێر باڵکێشانی بازرگانی ئەم کەلتورە نوێیەوە، وای لە شتاین Stein کرد کە ڕەخنە لەم پشتگوێ خستنە بگرێت، چونکە پێ وایە ئەگەر تێگەیشتنی تەواو لە کۆمەڵگە ڕەسەنەکان نەبێ ناتوانرێت وێنای کاریگەریي کەلتوری ئوروک بەسەر ئەو ناوچانەوە بکرێت. شتاین ئەو ڕاستییە پیشان ئەدا کە کۆمەڵگاکانی باکور لەهەریەکە لە ئەرسەلان تەپە و حاجی نەبی لە ڕۆژهەڵاتی چیاکانی تۆرۆس (کوردستانی باکور)، براک و حاموکار لەسەر ڕۆخی خابور (کوردستانی ڕۆژئاوا) و تەپە گەورە و تەل هەوا لە باکوری (کوردستانی باشور) هەریەکەیان خاوەن بنەمایەکی ڕێکخستنی کارگێڕی و شێوازی بەڕێوەبردن بونی تایبەتی بون.(Stein, 2001,267) سکولدبۆڵ Skuldbøl و کۆلانتۆنی Colantoni (Skuldbøl, & Colantoni, 2016, 2) ئاماژەیان بەوە داوە کە کۆمەڵگەکانی ناوچەکانی باکوری مێسۆپۆتامیا سیستەمی سیاسی و ئابوری ئاڵۆزیان هەبوە، هەرچەنە هەندێ تێکەڵی و پەیوەندییان لەگەڵ کۆمەڵگای باشور هەبوە، بەڵام لەڕووی کاراکتەر و ڕێکخستنەوە زۆر جیاوازبون لەوانەی باشور.

بەڵگە شوێنەوارییەکان ئەوەیان پشتڕاست کردۆتەوە کە گەلانی باکوری مێزۆپۆتامیا لەڕووی پیشەسازی، بازرگانی و کارگێڕییەوە هەنگاوی زۆریان نابوو بەر لە هاتنی کۆلۆنییەکان/ نشینگە بازرگانیەکانی ئوروک. کانزاکاری و بەرهەمهێنانی گڵێنە و مۆری تەخت نیشانەن بۆ هەبونی سیستەمی کارگێڕی، بازرگانی و پیشەسازی (Stein, 2001, 267). لەسنوری کوردستانی باشور تەپە گەورە یەکێکە لە نمونەکانی ئەو کۆمەڵگانەی پێش بڵاوبونەوەی کەلتوری ئوروک پیشەگەربون. پیشەسازی بەرهەمهێنانی گڵێنە و گۆڕینی کەرەستەی خاو بۆ خشڵ و جوانکاری وەک مووروە زێڕینەکانی چەند گۆڕێک لە تەپە گەورە نیشانەن بۆ پیشەگەری ئەو کۆمەڵگەیە (Ahmed, 2012, 25). گردی قالینج ئاغاش یەکێکی ترە لە نشینگە ناسراوەکانی سەردەمی ئوروک، ئەکەوێتە ناوەندی شاری هەولێر،ساڵی 1968 کنەوپشکنینی تێدا کراوە (Abu Al- Soof, 1966, 77-82) دانیشتوانی ئەم نشینگەیە لەسەرەتای سەردەمی ئوروک بە بینای سێ لۆ ئاشنا بوون، کە بونەتە سیمایەکی جیاکەرەوەی قالینج ئاغا (Beuger, 2016, 24). سەرەڕای بینا سێ لۆییەکەی، چەندین مۆری ڕوتەختی لێ دۆزراوەتەوە کە شێوەی ئەندازەیی و ئاژەڵییان لەسەر هەڵکۆڵراوە (Abu Al-Soof, 1969, 3-4) سەرەڕای ئەمانەش چەندین جۆری گڵێنەی تایبەت بە سەردەمی ئوروک و گڵێنەی عوبەید و نەینەوای پێنجیشی تێدا دۆزراوەتەوە Abu (Al- Soof, 1967, 69 -75)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم نشینگەیە ئاوەدانیی تێدا بوە بۆماوەی زیاتر لە دوو هەزارە.

## ٣: پێگەی کوردستان لە کەلتوری ئوروکدا

### ١:٣: کوردستانی باشوور

بەراورد بە بەشەکانی تری باکوری مێسۆپۆتامیا (باکور و ڕۆژئاوای کوردستان و ناوچەکانی باکوری ڕۆژئاوای کوردستانی باشوور)، شوێنەوارناسان زۆر کەم کاریان لە شوێنەوارەکانی سنوری هەرێمی کورستان کردوە بەتایبەت لە سەردەمی چاخی بەردینی کانزایي، هەرچەندە هەندێ کاری شوێنەوارناسانی عێراق وەک بەهنام ئەبوسوف کە ڕوپێوی و هەندێ کاری کنەوپشکنینی کردوە (Skuldbøl, 2016, 4)، پێویستییەکی زۆر هەیە بۆ زانینینی ڕۆڵی کوردستانی باشور لە پێشکەوتنی شارستانیەت لە سەردەمی چاخی بەردینی کانزایي لە نێوان ٥٣٠٠ پ.ز. ٣١٠٠ پ.ز. (Stein, & Alizadeh, 2015, 134). هەرلەبەر ئەمەشە شوێنەوارناسانی بیانی بەتایبەت لە دوای ساڵی ٢٠١٠ زیاتر گرنگییان بەم سەردەمە داوە لەم ناوچەیەدا، توێژینەوە نوێیەکانیان ئەتوانن گۆڕانکاری لە کرۆنۆلۆجیای سەردەمی ئوروک بکەن.

بەپێی بەڵگە شوێنەوارییەکانی پێش ١٩٦٨ لەهەردوو بەری ڕووباری دیجلەی سەروو شوێنەواری سەردەمی ئوروک دۆزراوەتەوە. ژمارەی ئەوشوێنانەی گڵێنەی ئەم سەردەمەی تێدا دۆزراویەوە تا ئەوکات لە ناوچەی موصل ١٠٤ شوێن بون، ئەمە لەکاتێکدایە لە هەولێر ٤٧ شوێن و لەهەریەکە لەسلێمانی و کەرکوک ٣٣ شوێن بوون. ئەوەی جێگای سەرنجە گڵێنەی سەردەمی ئوروک لە باکور زۆرتر بوە تا باشوور (Al- Soof, 1968, 74.). چینی ٣ یی گردی قۆینجوق لە نەینەوا گڵێنە سەرەتاییەکانی بەدەست دروست کراون، بەڵام ئەوانەی بەشی سەرەوەی هەمان چین بە چەرخی گڵێنەساز دروستکراون (Al- Soof, 1974, 1-2). ئەمەش نیشانەیە بۆ بونی دوو قۆناغی جیاوازی ئەم کەلتورە لەباکور.

دەشتی هەولێر ژمارەیەکی زۆر نشینگەی سەردەمی ئوروک لە خۆ ئەگرێت لە ١٧ شوێن کەلتوری ئوروکی باکور و لە ٢٢ شوێن ئوروکی باشور چالاکییان هەبوە، لە ١٦ شوێنیش هەردوو کەلتورەکەی ئوروکی باکور و باشور بەیەکەوە ژیاون (Mardas, 2019, 146). گردی سورێژە یەکێکە لە نشینگە گرنگەکانی دەشتی هەولێر (Stein, 2017, 136) و لەم نشینگەیەدا دەشتی هەولێر وەک ڕێگای یەکتر بڕ بوە لە نێوان باکوری ڕۆژئاوا و لە ڕۆژهەڵاتیشەوە بەدەشی ڕانیەدا تێپەڕیوە (Mardas, 2019, 148) گردی سورێژە کاریگەریي کەلتوری داڵمە Dalma شی لەسەر بوە، ئەو کەلتورەی کە لە ناوچەی ئازەربایجان بەتایبەت لەناوچەی دەریاچەی ورمێ سەرچاوەی گرتوە (Stein & Fisher, 2020, 143). بەم پێیەش بێ ئەتوانین بڵێین بازرگانی یان پەیوەندی دوور مەودا لەنێوان هەولێری ئەودەم و خۆرهەڵاتی کوردستان بەتایبەت ناوچەی ئازەربایجاندا هەبوە.

لە ناوچەی دەشتی زێی گەورە نشینگەکان لە سەردەمی ئوروک جیاواز لە ناوچەکانی تر کەمی کردوە (Mardas, 2019, 149). لەدەشتی بەستۆرە، دەشتی ناڤکوڕ و دۆڵی کەرەباق لە بادینان چەند شوێنێک هەن، بەڵام لە دەشتی هەریر وا پێناچێ لەم سەردەمەدا ئاوەدانی هەبوبێت، بەشێوەیەکی گشتی تەنها تەرزی ئوروکی باکورن، لەیەک شوێن کەرەستەی شێوە ئوروکی باشور دۆزراوەتەوە ئەویش لەبەری ڕۆژهەڵاتی ڕوبارەکەیە، بەری ڕۆژئاوا بەتەواوەتی تەرزی ناوخۆیي پیشان دەدات (Kolinski, 2018,18)

لەدەشتی ڕانیە 17 شوێنی نیشتەجێ بوونی سەردەمی ئوروک دۆزراونەتەوە (Mardas, 2019, 149)، لەهەریەکە لە گردەکانی باسموسیان، شمشارە، گردی دێم، قوڕەشینە، کەمەریان (Al- Soof, 1964, 37- 45)، قەڵاتی دینکە (Giraud,

2016, 33-35). و باب و کوڕ. ژمارەی نشینگە لە ڕانیە و پشدەر لەسەردەمی ئوروک زیاتر بووە لەچاو سەردەمی عوبەید (Mardas, 2019, 149). لە گردی باب شوێنەواری کۆمەڵێک بینای قایمکراوی سێ لۆبی دۆزراوەتەوە، بە ئەستوری ٣م شورا بەکارهاتوە بۆ پاراستنی یەکێک لەم بینایانە. توێژینەوەکان دەریانخستوە کە یەکێک لەم بینایانە بەکارهاتوە بۆ دروستکردنی ڕەنگ و ئامادەکردنی ئێسکی ئاژەڵ و مورووی. (Skuldbøl & Colantoni, 2016, 8) یەکێکتر لەو بینا سێ لۆبیانە بەڕای ئەو شوێنەوارناسانەی کنەوپشکنینیان بۆ ئەم شوێنە کردوە هاوشێوەی کنومتی لە باکوری میزۆپۆتامیا تا ئێستا نەدۆزراوەتەوە، (Skuldbøl & Colantoni , 2016b, 411-415). بەڵام لای شوێنەوارناسانی ئەم کەلتورە ڕوونە کە بینای گەورەی فرە ژووری لەهەریەکە لە تەپە گەورە و قالینج ئاغا و براک و ئەرسەلان تەپە و حەبوبە کەبیرە دۆزراونەتەوە. دیارنییە ئەم زانیارییەی توێژەران بە چ بەڵگەیەک پشت بەستە و دڵنیانین ئاخۆ جیاوازی بینا سێ لۆبییەکەی گردی باب لەگەڵ ئەوانەی تەپە گەورە و قالینج ئاغا چیە؟ هەرچەندە بەراوردی وێنەی بینا سێ لۆبییەکەی قالینج ئاغامان لەگەڵ ئەوەی گردی باب کرد، بەڵام جیاوازیەکی ئەوتۆمان بەدی نەکرد وەک مارداس Mardas ئاماژەی پێداوە. ئە کرێ شێوازێک لە ڕێکخستن و کارگێڕی لە دەشتی ڕانیەدا هەبوبێت، بەڵام هێشتا هاوشێوەی سیستەمە هەرەمییەکەی خابور یان ئەوەی ناوچەی گردی هەوای لێ نەسەلمێنراوە. (Mardas, 2019, 149 ). تەرزی بینای سێ لۆ لە کوردستانی کۆن لە تەپە گەورەوە تا حەمرین باوبوە و نیشانەی ئەوەیە کە ئەم تەرزە لە بیناسازی نامۆ نەبوە بەگەلانی ئەودەمەی کوردستان، ئەکرێ لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازیەکی لاوەکی هەبووبێت. (بڕوانە وێنەی ژ. ١).

لەشارەزوور لەهەریەکە لە گردەکانی بەکراوا چینی II و IV، دوانزە ئیمام چینی IV و V (Al- Soof, 1964, 37- 45 )، و زیاتر لە ١٠ شوێنی تر گڵێنەی ئەم سەردەمەیان تێدا دۆزراوەتەوە (Altaweel, et al, 2012, 24). لە ئەشکەوتی پاڵی گەورە چینەکانی سەرەوەی گڵێنەی ئوروکی تێدایە (Robert & Howe, 1960, 58).

گردی بان قەڵا لە ناوچەی قەرەداغ لە نزیک گوندی تلەزەیت یەکێکی ترە لەو گردە شوێنەوارییانەی کە کەرەستە و گڵێنەی سەردەمی ئوروکی تێدا دۆزراوەتەوە، ئەم گردە لە ساڵی ٢٠١٧ کاری کنەوپشکنینی تێدا ئەنجامدراوە، دۆزراوەکانی وەرزی یەکەم دەریانخستوە کە ئەم گردە لەسەردەمی حەلەفەوە بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکان(؟) ژیانی تێدابوە. کنەکەرانی ئەم شوێنەوارە پێیان وایە کە ئەم نشینگەیە بەشێک بوە لە تۆڕیکی بازرگانی دوور مەودای سەردەمی ئوروکی دوایین (Catanzariti, et al., 2020, 47). ژیان لە پاش ئوروک لەم گردەدا سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکانە، لە کاتێکدا لە گردی کانی شایی لەناوچەی بازیان نەینەوای ٥ شوێن گرەوەی ئوروکە.

یەکێکی تر لە شوێنەوارەکانی کوردستانی باشوور کە ئەنجامی کنەوپشکنینەکانی گۆڕانکاری گەورەی کردوە لە کرۆنۆلۆجی سەردەمی ئوروک بریتیە لە شوێنەواری گردی قەڵا و لۆگردان. ئەم دوو گردە یەک کیلۆمەتر و نیو لەیەکەوە دورن و کەوتونەتە ڕۆژهەڵاتی چەمچەماڵ لە پارێزگای سلێمانی. ئەم دوو گردە لە ڕوپێوی ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ لەلایەن تیمێکی فەرەنسییەوە گرنگییان دەرکەوت، گردی قەڵا لە سەرەتای چاخی بەردینی کانزایی بۆ سەردەمی ئیسلام ژیانی تێدا بوە، لە کاتێکدا لۆگردان لە سەردەمی حەلەفە وە بۆ سەردەمی ئاسن ژیانی تێدا بوە (Vallet, 2015, 6) ئەنجامی سەرەتایی کنەوپشکنینەکانی هەردوو گرد، دەریانخست کە ئەم ناوچەیە لە سەرەتای دەرکەوتنی سەردەمی ئوروک ژیان تێدا پێشکەوتوو بوە. ئەنجامەکان تیمەکەیان سەرسام کرد و تێگەیشتنیانی سەبارەت بەو سەردەمە گۆڕی (Vallet, 2015, 11). بەم شێوەیە سەرسوڕمانی خۆیان بۆ ئەنجامەکانی کنەوپشکنینکە دەربڕیوە: "ئەم ئەنجامە سەرەتاییانە لەسەروو پێشبینی ئێمەوە بوون. تێگەیشتنی ئێمەی لەسەر هەرێمەکە بۆ سەرەتای هەزارەی چوارەم بە تەواوەتی گۆڕانی بەسەرداهات و پێشبینیەکان زۆر دڵخۆشکەر دیارن" (Vallet, 2015, 11). ئەوەی وایکرد کە شوێنەوارناسانی پسپۆڕی تایبەت بەم سەردەمە بخاتە گومانەوە لە مێژووی دەست پێکردنی سەردەمی ئوروک ئەوەیە کە سەلمێنراوە دانیشتوانی گردی قەڵا خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە بوون، لەکاتێکدا بیروباوەڕی ئاینیان وەک هی باشورە، سەرەڕای ئەوەش نشینگەیکی پیشەگەر بون بەتایبەت لەبەرهەم هێنانی گڵێنە (Vallet, 2015, 10). "هیچ گومانی تێدانیە کە گردی قەڵا نشینگەیەکی ڕەسەنی چاخی بەردینی کانزایی دوایین بوە، لەهەمان کاتیشدا شوێنگەیەکەی باشوریش بوە و شوێنێکی دروستکردنی گڵێنەی تێدابوە بۆ بەرهەم هێنانی گڵێنە بۆ ناوچەیەکی فراوان" (Vallet, 2015, 10). پێشتر چاخی بەردینی کانزایی دوایینی سێیەم، Late Chalcolithic 3 بەسەرەتای دەست پێکردنی بڵاوبونەوەی کەلتوری ئوروک دانرابوو، ئەمە لەکاتێکدایە لەم دوو شوێنەوارە سەردەمی ئوروک بۆ پێش ئەم سەردەمە ئەگەڕێنەوە، ئەمەش وایکرد شوێنەوارناسان ناچار کات کە سەردەمی بڵاوبونەوەی ئوروک لەم ناوچەیە بگێڕنەوە بۆ چاخی بەردینی کانزایی دووەم لە بری سێیەم، کە هاوکاتە بە ٣٩٠٠پ.ز. نەک ٣٦٠٠پ.ز. (Vallet, 2016, 14). لەم دوو شوێنەوارەدا سەردەمی ئوروک مێژووەکەی بۆ پێش ئەوسەردەمەی کە ئەزانرا ئەگەڕێتەوە و کۆنترین بەڵگەی زانراوی سەردەمی ئوروکە لە ناوەڕاست و باکوری مێزۆپۆتامیادا (Vallet, 2020, 447). قوچەکی گڵێنەیی کە بۆ ڕازاندنەوەی دیواری بینا گشتیەکان بەکار هاتوە، لە لۆگردان و گردی قەڵاش دۆزراونەتەوە، هاوشێوەیان لە هەریەکە لە ئوروک، حەبوبە کەبیرە، جەبەل عەرودە، حەسەن هۆیوک و براک دۆزراونەتەوە (Mardas, 2019, 152). ئەتوانین بڵێین کەئەم دوو نیشتەنیەی چەمچەماڵ هاوتای ناوەندە سەرەکیەکانی ئوروک بوون.

لەسەرەتای ئەم توێژینەوەیە ئاماژەمان بەوەدا کە کۆنترین چینی سەردەمی ئوروک لە شوێنەواری ئوروک بۆ ٣٨٠٠پ.ز. ئەگەڕێتەوە. ئەگەر ئەنجامی کنەوپشکنینەکانی لۆگردان و گردی قەڵا بکەین بە پێوەر پێویستە سەرەتای سەردەمی ئوروک بۆ پێشتر بگەڕێتەوە نەک ئەوەی کە لە شوێنەواری ئوروک دیاری کراوە، بۆیە ئەکرێ بنەی سەرهەڵدانی کەلتوری ئوروک شوێنێکی تر بێت و کۆنتر بێت لەوەی ئەمڕۆ کە ئەزانرێت. یاخود ئەکرێ ئەو کەلتورەی ناسراوە بە ئوروک کە ناوەکەی لە شوێنەوارەکەوە وەرگرتوە بنەکەی کوردستانی باشور بێ؟ یان ئەوەتا سەر لە نوێ خوێندنەوە بۆ ئەنجامی کنەوپشکنینەکانی شوێنەواری ئوروک بکرێت.

### ٢:٣: کوردستانی ڕۆژهەڵات

بۆ زیاتر ئاشنا بونی تێکەڵبی کەلتوری ئوروک لەگەڵ کوردستانی ڕۆژهەڵات، ئاماژە بە ڕوپێوی دەشتی مەریوان دەکەین کە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە بەدرێژای کۆتایی سەردەمی چاخی بەردینی کانزایی، پەیوەندیی باشوری مێزۆپۆتامیا لەگەڵ ئەو ناوچەیە زۆر کەم بوە، تەنها لەسەردەمی چاخی بەردینی کانزایی (کالکولیتکی) کۆتایی (٤-٥ ) کە هاوسەردەمی گۆدین تەپەی VI 6 ە، بەتەنها لەگردی تەپە ڕەشە بەڵگەی پەیوەندی ئوروکی باشور هەبوە لەگەڵ ناوچەی دەشتی مەریوان، ئەمە لەکاتێکدایە کە لە دیوی کوردستانی باشور پەیوەندی ئوروکی باشوور لەگەڵ هەریەکە لە دەشتی ڕانیە، پشدەر، چەمچەماڵ، بازیان و دەشتی شارەزوور هەبوە (Dadaneh, et al, 2019, 8). هەندێ لەگەڵنی ناسراو بە بیڤێڵد لە حەوزی زێی بچوک دۆزراونەتەوە

وەک نیشانەی هەبونی پەیوەندی ئەم ناوچەیە بە ناوچەکانی دەوروبەریەوە ئەزانرێت (Binandeh, et al., 2012, 35).

ئایا ئەکرێ هۆکاری کەمیی پەیوەندی ئوروک بە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە بەهۆی بەربەستە سروشتییەکەی چیاکانی زاگرۆسەوە بوبێ؟ هەرچەنە لەم دواییانەدا بۆ یەکەم جار لە ناوچەی حەوزی زێی بچوکی کوردستانی ڕۆژهەڵات چەند شوێنەوارێک دۆزرانەوە کە گڵێنەکانی بۆ سەردەمی ئوروکی ناوەڕاست و دوایین ئەگەڕێنەوە، گردەکانیش بریتین لە تەپە باغی، تەپە وەڵف، تەپە مەلا یوسف، تەپە لاڤین و گۆمان تەپە (Abedi, et al, 2019, 414). دیارنییە ئاخۆ ئەم شوینەوارانە تێکەڵی کەلتوریان لەگەڵ ناوچەی دەشتی بێتوێن و پشدەر یان سەرووتر بەتەپە گەورەوە هەبوە کە ناوەندێکی گەشەسەندوو بووە لەم سەردەمەدا یان نا؟

### ٣:٣: کورستانی ڕۆژئاوا

گردی براک (ناگار/ ناوار) لەنزیک پارێزگای حەسەکە، ٤٣م بەرزە لەئاستی زەوییەکانی دەوروبەری، گردێکی گەورەیە و ٦٠ هێکتار زەوی داپۆشیوە، لە ساڵی ١٩٣٠ کنەوپشکنینی تێدا کراوە (André, 2009, 36–41)، پاشان مالوان ساڵی ١٩٣٤ سەردانیکردوە و بەهۆی زۆری پارچە گڵێنەوە بۆی دەرکەوتوە کە شوێنەوارێکی دەوڵەمەندە (Mallowan, 1947, 2). لەبەر گرنگی و فراوانیی گردەکە بە پچڕ پچڕی تا 2011 زیاتر لە سی وەرز کنەوپشکنینی تێداکراوە. لە شوێنەوارە گرنگەکانی سەردەمی ئوروکە لە باکوری مێزۆپۆتامیادا کە لەنیوەی یەکەمی هەزارەی چوارەم ژیانی تێدا بوە. فراوانیی ئەم گردە لەگردەکانی هەمان سەردەمی خۆی لەباشوری مێسۆپۆتامیا زیاتر بوە، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ ئەم ناوچەیە پەرەسەندوو بووە (Emberling & McDonald, 2001, 21). وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا لە باکوری پێش هاتنی ئوروک کۆمەڵگەی پیشەوەر و پەرەسەندو هەبون (Ahmed, 2012, 25)، گردی براکیش یەکێک بوە لەوان، بۆ نمونە بەڵگە شوێنەواریەکانی سەلماندویانە کە بەرهەمهێنانی یەک جۆر گڵێنە لە کارگەیەک ئاماژەیە بۆ بونی تایبەتمەندیی پیشەگەری. لەهەمان کاتدا بەشێک لەدانیشتوانەکەی بازرگان و هەندێکیان تەنها ئاژەڵداریان کردوە (Emberling & McDonald, 2003, 3). بەڵام لەگەڵ هاتنی ئوروک هەندێ گۆڕانکاری لە کەلتوری ماددی دانیشتوانی براک ڕویان داوە وەک بەکارهێنانی مۆری لوولەیی، گۆڕانکاری لە قەبارەی خشتە قوڕەکان و هەندێ تەرزی بیناسازی و گڵێنەسازی. هەروەک گۆدین تەپە و حاجی نەبی، واپێئەچێ هاتوەکانی باشور لە کەمیی دەرەکی لەقەراغ نیشتەنیەکە نیشتەجێ بوبن و تەنها وەک بازرگان تێکەڵ بەم کۆمەڵگەیە بوون (Emberling, & McDonald, 2003, 3). لەڕووی کارگێڕیشەوە بەڵگە شوێنەواریەکانی ئەوەیان پشتڕاست کردۆتەوە کە بینای گشتی لە نیوەی یەکەمی هەزارەی چوارەم هەبوە ئەوکات بەریەک کەوتنی دانیشتوانی ناوخۆیی لەگەڵ هاتوەکانی باشور لەقۆناغی سەرەتادا بوە. باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە بینای ناسراو بە بینای تاقدار “Niched Building” ە، ئەرکی ئەم بینایە وا شیکارکراوە کە شوێنی کۆبونەوە و ئاهەنگ گێران و پێشوازی لە میوانان بوبێ (Emberling & McDonald, 2001, 21-54). هەمان تەرزی ئەم بینایە لە گردی کوڕ لە ناوچەی ڕانیە دۆزراوەتەوە (Skuldbøl, & Colantoni, 2016, 9). (بڕوانە وێنەی ژ.٢). یەکێکی تر لە گرنگترین دۆزراوەکانی ئەم شوێنەوارە بریتیە لە پەرستگای چاو Eye Temple. ئەم پەرستگایە هەرچەنە سەرەتا ماکس مالۆوان مێژوەکەی بۆ دوایین سەدەی هەزارەی چوارەم گێڕاپەوە (Mallowan, 1947, 2) ، بەڵام دواتر بەپێی شیکاری نوێ مێژوەکەیان بۆ چارەکی یەکەمی هەزارەی چوارەم پ.ز. گێڕایەو (Sołtysiak, 2009, 36–41). ئەم پەرستگایە نیشانی ئەدا کە دانیشتوانی باکور خاوەن پەرستگا و پەرستشی جیاوازتر بوون لەوانەی باشور (Emberling and McDonald, 2003, 1-75). وێنەی ژ: (٣) کۆمەڵێک پەیکەری چاو کەلە براک دۆزراونەتەوە. ژیان لە براک پێش ئوروک تا کۆتایی ئوروکیش بەردەوام بووە (Emberling and McDonald, 2003, 1-75). هەرلەم شوێنەوارەدا بەڵگەی قۆناغی گواستنەوە لەئوروکەوە بۆ نەینەوا ٥ و جەمدەت نەسر سەلمێنراوە.

### ٤:٣: کوردستانی باکور

زۆر پێئەچێت ڕێگای گەیشتنی کەلتوری ئوروک بۆ باکوری کوردستان بەناو خاکی کوردستانی باشوردا بوبێت. شتاین و ئەوانی تر ئاماژەیان بە ڕێگای کاروانەکان و بنەکە سەرەکیەکانی ئوروک داوە کە لە ڕێی ڕۆژئاوای چیاکانی زاگرۆسەوە بەرەو ڕۆخی ڕوباری دیجلە لەناوچەی خابور بەناو خاکی کوردستانی باشورەوە پەڕیونەتەوە بۆ ڕوباری فورات و لەوێشەوە بۆ چیاکانی تۆرۆس(Stein, et al., 1996, 207) . هەمان گروپ ئەوەیان لا ڕوونە کە بەیەکگەیشتنی ئوروک بە ئەنادۆڵ کۆنترە لەو بەڵگانەی کە دۆزراونەتەوە لەناوچەی سوریا بەتایبەت لە حەبوبە کەبیرە و جەبەل عەرودە، و پێیان وایە بەیەکگەیشتنەکە لە ئوروکی ناوەڕاست ڕیداوە جیاواز لە وەی کوردستانی ڕۆژئاوا کە ئوروکی دوایینە (Stein, et al., 1996, 205). لە ناوچەی دیاربەکر چەندین نشینگە دۆزراونەتەوە کە بۆ سەردەمانی کۆتایی کەلتوری ئوروک ئەگەڕێنەوە وەک گردی ئاشاگی سەلات، تویێژەران و کنەکەرانی ئەم نشینگەیە هەمان بۆ چونی شتاین و ئەوانی تریان هەیە سەبارەت بە ڕێگایی بەیەک گەیشتنی ئوروک بە باکوری کوردستان (Akçay, 2017,51). گردی باسۆرین لە سلۆپی گەورەترین گردی سەر ڕێگای کۆنی نێوان جەزیرە و موصڵە، بەڵام ئەوەی جێگای تێڕامانە کە کەلتوری ئوروک لەناوچەی سلۆپی -جەزیرە، کەمتر بەرجەستە بوە لە چاو ناوچەکانی باشوری ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ (Algazy, et al., 2012, 19). بەڵگەی هەبونی بنکەیەکی بچوکی بازرگانی ئوروکی ناوەڕاست لە نشینگەی حاجی نەبی هەیە، کە ئەکرێ وەک بنکەیەکی دەست خستنی مسی ئەنادۆڵ تەماشابکرێت بۆ مێسۆپۆتامیا لە هەمان کاتیشدا ئەکرێ قیر و کەرەستەی تری مێسۆپۆتامیا لە ڕێی ئەو بنکانەوە گەشتبنە ناوچەکانی باکوری ئەنادۆڵ (Stein,1999, 20-21) قیر ناوچەکانی هەریر و ئاکرێ هەیە بەڵام تا ئێستا بەڵگەی ئەوەمان بەردەست نیە کە ئاخۆ بۆ بازرگانی بەکارهاتوە یان تەنها بۆ بەکارهێنانی ناوخۆ سودی لێوەرگیراوە؟

### ٤: دارمانی/ ئاوابونی کەلتوری ئوروک

کۆتایی سەردەمی ئوروک، لەباریی ژینگە و زۆریی باران هۆکار بوون بۆ گەشەکردنی ئەم کەلتورە، بەڵام لە چارەکی چوارەمی هەزارەی چوارەمی پێش زایین کەم بارانییەکی زۆر ڕوویدا (AIgaze, 2013, 70)، ئەو کات شاری ئوروک گەورەترین شاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوە و ژمارەی دانیشتوانی بە نزیکەی ٥٠ هەزارکەس هەژمار کراوە جگە لە دانیشتوانی ناوچەکانی دوروبەری کە ژیانیان بەستراببوە بە ئوروکەوە (Slez, 2020, 189- 190). کەم بارانی و تێکچونی ژینگە و زۆری ژمارەی دانیشتوان بە هۆکاری سەرەکی ئەزانرێن بۆ هەرەسهێنانی ئەم کەلتورە.

لەکۆتاییەکانی ئەم سەردمە دروستکردنی شورا بەدەوری ناوەندە بازرگانی و نیشینگەکانی ئوروک لەباکوری مێسۆپۆتامیا و سوریا زیادیکرد، بەئامانجی پاراستنیان (Slez, 2020, 189- 190)، لەدانیشتوانی ناوخۆیی یان لە ڕەوەند و کۆچهێنەرانی

نوێ. گومانێک هەیە کە هاتوەکانی ئوروک لە ناوەڕاستی هەزارەی چوارەم بەشەڕ جێ پێی خۆیان کردۆتەوە، لە حەموکار شوێنەواری وێرانکاریەک هەیە وەک نمونەی خۆسەپاندنی ئوروکییەکان دائەنرێت لەباکور (Slez, 2020, 190). گەشتنە لوتکە و کەوتنی ئوروک لەماوەیەکی زۆر نزیک ڕویاندا. لە باکوری مێسۆپۆتامیا و سوریا کەلتوری نەینەوای ٥ شوێنی گرتەوە. لە باشور بنکە بچوکەکان پوکانەوە و ناوەندە گەورەکان قەبارەیان گەورەتربون، قۆناغی ئوروک گواسترایەوە بۆ جەمدەت نەصر (Slez, 2020, 220). لە ئەرسەلان تەپە و حەسەن هیوک شوێنەواری سووتان و لەناوبردن هەیە لە کۆتاییەکانی سەردەمی ئوروک (Frangipane, 2001, 1-24 cited in Sağlamtim, et al., 2020, 439). هەمان دیاردە لە گۆدین تەپەش هەیە وەک لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا، بەڵام دیارنیە ئاخۆ بۆ دەرپەڕاندنی ئوروکییەکان بوە یان ئوروکییەکان خۆیان ئەو کارەیان کردوە؟

هەژمونی ئەم کەلتورە نزیکەی ٥٠٠ ساڵ بەسەر ناوچەکانەوە بوە، پاشان دەستی بە پوکانەوە کرد، ئوروکی دوایین لە هەندێ ناوچە لە ٣٣٠٠پ.ز دەستی بە پوکانەوە کردوە. ئوروکی٣ بەدوا قۆناغی سەردەمی ئوروکی دوایین ئەزانرێت (Slez, 2020, 165-167). لەباکوری مێسۆپۆتامیا لە سەدەکانی کۆتایی هەزارەی چوارەم پ.ز. ئەم کەلتورە بەتەواوی ونبوو، ئەم دیارنەمانە خێرایەیی کەلتوری باشوور ناوبراوە بە دارِمانی مۆدیلی کەلتوری باشوور لەباکور. لێرەشەوە ناوەندەکانی باکور زیاتر گەشەیان کرد، وەک قۆناغی دووەمی دەرپەڕاندنی باشوریەکان و لا گیرکردنی بنکە بازرگانی و داگیرکاریەکانی باشور (Frangipane, 2009, 36). ئەم پوکانەوە خێرایەی کەلتوری ئوروک ئەوە پشتڕاست ئەکاتەوە کە لەو ماوەیەی کە بندەستی نشینگە بازرگانی و کارگێڕیەکانی باشور بوون، ناوەندە ناوخۆییەکانی باکور کاریگەرییان لەسەر دانیشتوانە ڕەسەنەکەی خۆیان لەدەست نەداوە. هەر چەندە دوای نەمانی هەژمونی ئوروک، هەرێمەکانی باکور بەپێی قووڵیی ڕۆچونی کاریگەریی کەلتوری ئوروک لەسەریان، دارِمانی ئوروک کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لەسەریان هەبوە. هەیانە ناوەندە لۆکاڵییەکان/ ناوچەییەکان گەشەی سەندو هەشیانە لەگەڵ پوکانەوەی ئوروکیەکان و لاواز بونیان گەڕانەوە بۆ سەردەمی خێلایەتی و کۆچەری (Frangipane, 2009, 36). لە ناوچەی خابوور و ناوەندی جەزیرە، فراوانبونی کشتوکاڵ و زیادەی بەرهەم وایکرد کە بینای قایمکراوی هەڵگرتنی دانەوێڵە بێتە کایەوە وەک ئەوانەی نەینەوای پێنج، ئەمە وەک خۆ ڕێکخستنەوەیەک دائەنرێت بۆ قۆناغی چەقگەرایی و بەردەوامیدان بە شارەکان لە کاتی نەمانی ئوروک (Frangipane, 2009, 36). ئەمە لەکاتێکدایە لە فوراتی ناوەڕاست بنکە کۆڵۆنیەکان/ نشینگە بازرگانیەکان و ناوەندە کارگێڕیەکان پوکانەوە بەتایبەت ئەوانەی کە کۆنترۆڵی سەرچاوەی کەرەستە سەرەتاییەکانیان کردبو، لەپاش ئەمان سیستەمە لۆکاڵیەکانیش پوکانەوە و کاریگەرییان نەما. لە پاشتریش لە دوا سەدەی هەزارەی چوارەم لە باشور وناوەڕاستی مێزۆپۆتامیا بە کەوتنی ئوروک لە شوێنەواری ئوروک، ناوەندێکی لۆکاڵی توانی خۆی بکات بە میراتگری کەلتوری پێش خۆی و سەردەمی جەمدەت نەصری پێ لەدایک بوو (Frangipane, 2009, 37).

## ٥: کوردستان دوای کەلتوری ئوروک

بنکە بازرگانیەکانی ئوروک، هەرچەنە بۆ ماوەیەکی زۆر لەدەرەوەی مێسۆپۆتامیا هەبون، بەڵام وا پێ ناچێ کاریگەریی ئابوری و سیاسیان لەسەر دانیشتوانە ڕەسەنەکانی ئەو ناوچانە هەبوبێ. بۆ نمونە کۆڵۆنیەکی ئوروک لە حاجی نەبی کە دوو سەدە بەردەوام بوە، نەیتوانیوە لەڕووی سیاسی و ئابورییەوە کاریگەریی لەسەر دانیشتوانە ڕەسەنەکەی بەجێبێڵێت بۆ ماوەیەکی زۆر (Stein, 2001, 266). لە گردی گۆدین تەپەی کرماشان بینایەکی شێوە هێلکەیی دۆزراوەتەوە، کە نشینگەیەکی بازرگانیی سەردەمی ئوروک Uruk Colony بووە (Gopnik, 2016, 20) ئەوەی لێرە تێبینی کراوە، کاریگەریی کەلتوری ناوخۆیی و کەلتوری سوسەیە کە لەم بنکە بازرگانییەدا بەڕوونی دیارن (Gopnik, 2016, 20)، بەڵام ئەوە ڕوون نیە تا چەند ئەم بنکە بازرگانییە کاریگەریی کەلتوری و ئابوری بەجێهێشتوە بەسەر کەلتوری ناوخۆیی دانیشتوانی ئەو دەمەی کوردستانی ڕۆژهەڵات. گۆدینی ٥ Godin V سەردەمەکەی بۆ ٣٥٥٠- ٢٩٠٠ پ.ز. ئەگەڕێتەوە (Wright and Rupley, 2001, 85-122). هەرچەندە شیکاری دار و پەردوە سوتاوەکانی ئەم نشینگە بازرگانییە دەریانخستووە کە دوا ساتی ژیان لەم بنکەیە بۆ پێش ٣١٢٠ پ.ز. ئەگەڕێتەوە (Gopnik, 2016, 2 -20). دڵنیا نین ئایا ئەم سوتانە بۆ دەرپەڕاندنی بازرگان و کارگێڕەکانی ئوروک بوە لەم بنکەیە یاخود پاش لاوازبونی دەسەڵاتی سیاسی، هێڵە بازرگانییەکەش ئەو گوڕ و تینەی نەماوە و چیتر ئەم بنکەیە گرنگی نەماوە و بەئەنقەست پێش بەجێهێشتنی سوتێنراوە. ئەوەش ڕوونە کە سەردەمی ئوروک لەم کاتە بەدواوە ئیتر لە باشوریش کۆتایی هاتووە.

لە چەندین شوێن لەکورستان قۆناغی گواستنەوە لە ئوروکەوە بۆ سەردەمانی دوای خۆی دۆزراوەتەوە، بۆنمونە لە شوێنەواری بان قەڵا لە قەرەداغ لەپاش کەوتنی ئوروک، شوێنەواری سەرهەڵدانی بنەماڵەکانی یەکەم/جەمدەت نەصر (2900-2700 پ.ز.) دۆزراوەتەوە (Catanzariti, 2020, 45). هەرچەندە زۆر پێئەچێ کەلتوری نەینەوا پێنجیشی لێبێ بەڵام ڕاپۆرتی کنەوپشکنینی ئەم شوێنەوارە باسی لێوە نەکردوە. هەمان هێمای شوێن مۆر کەلە بان قەڵا دۆزراوەتەوە لە بەکراوا لە شارەزوور و گردەکانی گوببە و ئەحمەد ئەلحەتوو لە ناوچەی حەمرین دۆزراوەتەوە کە بۆ هەمان سەردەم ئەگەڕێنەوە (Miglus, 2013, 65)، میگلوس Miglus بەڕونی ئاماژەی بە بونی قۆناغی گواستنەوە لە ئوروکەوە بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکانی یەکەم/جەمدەت نەصر کردوە لە بەکراوا (Miglus, 2013, 66). لە گردی لۆگردان شوێنەواری قۆناغی گواستنەوە لە ئوروکەوە بۆ سەردەمی بنەماڵەی یەکەم هەیە .(Vallet, 2018, 16) لە گردی قالینج ئاغا قۆناغی گواستنەوە لە ئوروک بۆ نەینەوا پێنج دۆزراوەتەوە (Abu Al- Soof, 1966,78).

سنوری باشووری کەلتوری نەینەوای پێنج وەها دیاری کرابوو کە تا زێی بچوک بێت، بەتایبەت گردەکانی دێم (التكريتي، 1960 ، 93- 95 ) و کەمەریان لە دەشتی ڕانیە (Abu Al- Soof, 1966, 88) لە نوزی (یورگان تەپە/ شار وێران) ی کەرکوک، بەڵام دۆزراوەکانی نینەوا پێنج لە گردی کانی شایی لە بازیانی ڕۆژئاوای شاری سلێمانی (Tomé, et al, 2016, 427)، و ئەشکەوتی پاڵی گەورە (Robert, & Howe, 1960, 58) ئەو بۆچونەیان هەڵوەشاندەوە کە گوایە لە زێی بچوک بۆخوارەوە لەدوای ئوروک بەتەنها جەمدەت نەصری تێدا بوە. بەم شێوەیەش کەلتوری ئوروک میراتەکەی دابەش بوو بۆ دوو کەلتور، نەینەوا پێنج لەباکوری مێسۆپۆتامیا و جەمدەت نەصریش بەشەکانی تری مێسۆپۆتامیا و لەگەڵ هەندێک نیشینگە لەباکوری داگیرکرد. لەکوردستانی ڕۆژئاوا لە براک چینیەکانی ٣ بۆ ١٠ بەسەردەمی گواستنەوە لە ئورکەوە بۆ نەینەوا پێنج ناسراون (Emberling and McDonald , 2001, 3). لە ناوچەی سلۆپی لە کوردستانی باکور شوێنەواری قۆناغی گواستنەوە لە ئوروکەوە بۆ نەینەوا ٥ هەیە (Algaze, et al., 2012, 22).

## ئەنجام

کوردستانی کۆن ڕۆڵێکی ناوازەی هەیە لە پڕکردنەوەی کرۆنۆلۆجیای مێسۆپۆتامیای کۆندا. کنەوپشکنینەکان لە کوردستان هەمیشە جیاوازی کەلتوری نیشان ئەدەن لەوانەی باشوور و ناوەڕاستی مێسۆپۆتامیا، ئەگەرچیش سەردەمەکان هەمان سەردەم بن بەڵام هەمیشە دانیشتوانی کۆنی کوردستان کتومت ئەو کەلتورەیان وەرنەگرتوە کە هاتوە یاخود سەپێنراوە بەسەریاندا.

هەروەک ئاماژەمان پێدا، کنەوپشکنینەکانی ناوچەی چەمچەماڵ زانیاری جیاوازترمان پێئەدەن دەربارەی سەرەتای کەلتوری ئوروک. گومانی تێدانیە دۆزینەوە و توێژینەوەی زیاترمان پێویستە بۆ سۆراغکردنی سەرەتا و شوێنی پەرەسەندنی کەلتوری ئوروک.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە عەرەبیەکان

التكريتي، عبد القادر، حسن (1960). "حفريات تل الديم في حوض دوكان،" سومر، المجلد (16).

### سەرچاوە ئینگلیزیەکان

Abedi, Akbar, Heidari, Reza, Salimi Salah & Eskandari, Nasir, (2019). New Uruk Finds in NW Iran: Hasanlu VIII-VII and no Kura-Araxes Culture Evidence in Southern Parts of Lake Urmia, Documenta Praehistorica (XLVI).

Al- Soof, Bahnam (1964). "Uruk Pottery from Dukan and Sharazoor Districts and the Distribution from the Nineveh V Pottery as Revealed by Field Survey Work in Iraq", Sumer (20).

---- (1966). "Short Sounding at Tell Qalinj Agha (Erbil)", Sumer (22).

---- (1968). Distribution of Uruk Jamdat Nasr and Ninevite V Pottery as Revealed by Field Survey Work in Iraq, Iraq, (30).

(1969). "Excavation at Qalinj Agha (Erbil), Summer 1968", Sumer (25).

(1974). "Late Prehistoric Pottery at Nineveh, Gawra and the Neighboring Sites", Sumer (30).

Abu Al- Soof, Bahnam, & S., Es- Siwwani. (1967). "More Sounding at Qalinj Agha (Erbil)", Sumer (23).

Ahmed, M., Kozad. (2012). The Beginnings of Ancient Kurdistan (c. 2500-1500 BC) a Historical and Cultural Synthesis, Unpublished, PH.D. Dissertation, Leiden.

Akçay, Atakan. (2017). "A Late Uruk –Early Bronze Age Transitional Period Cemetery in the Upper Tigris Region: Aşaği Salat" OLBA (XXV).

Algaze, Guillermo, (1989) "The Uruk Expansion, Cross- Cultural Exchange in Early Mesopotamian Civilization", Current Anthropology (V30, N5).

----- (1993). Uruk World System: the Dynamics of Expansion of Early Mesopotamian Civilization, Chicago.

----- (2001), Prehistory of Imperialism: the Case of Uruk Period Mesopotamia: in Uruk Mesopotamia and its neighbors: cross-cultural interactions in the era of state formation, in Rothman, M.S. (ed.), Santa Fe.

----- (2002 ). The Uruk Period: A Research Agenda for the Future, in Material Culture and Mental Spheres, Rezeption Archäologischer Denkrichtungen in der Vorderasiatischen Altertumskunde, Internationales Symposium für Hans J,. Nissen, Berlin, 23.-24, 2000, Herausgegeben von Arnulf Hausleiter, Susanne Kerner und Bernd Muller – Neuhof Ugarit-Verlag Münster.

---- (2013). The End of Prehistory and the Uruk Period, The Sumerian World, edited by Crawford Harriet, Routledge, London and New York.

Algaze, G., Hammer, E., & Parker, B., (2012). "The Tigris-Euphrates Reconnaissance Project, Final Report of the Cizre Dam and Cizre-Silopi Plain Survey Areas", Anatolica, (38).

Altaweel, M., Marsh, A., Mühl, S., Nieuwenhuyse, O., Radner, K., Rasheed, K., & Saber, A., Saber, (2012). "New Investigations in the Environment, History, and Archaeology of the Iraqi Hilly Flanks: Shahrizor Survey Project 2009-2011", Iraq (LXXIV).

Beuger, Claudia, (2016). Short Notes on Chalcolithic Pottery Research: The Pottery Sequences of Tell Nader (Erbil ) and Ashur (Qalat Sherqt), in: The Archaeology of the Kurdistan Region of Iraq and Adjacent Regions, eds. Kopanias K., And McGinns J., Archaeo press, Oxford.

Binandeh, A., Nobari, A. H., Neyestani, J., & Nasab, V., H., (2012). "New Archaeological Research in North-Wetern Iran: Prehistoric Settelments of Little Zab River Basin", International Journal of Humanities 19 (2).

Catanzariti, Antonietta & Tanaka Terri, (2020), Ban Qala, a Late Chalcolithic Site in the Qara Dagh Valley of Iraqi Kurdistan in: Proceedings of the 11th International Congress on the Archaeology of the Ancient Near East V. 2, 2018, Ed. Otto, Adelheid, et al., Harrassowitz Verlag, Wiesbaden.

Charvat, Petr, (2002). Mesopotamia Before History, Routledge, London.

Dadaneh, Z., Moeraza, Ghasrian, M., Sirvan, Colantoni, Carlo & Skuldbol, B., B., Tim, (2019). "The Marivan Plain Archaeological Project: Western Iran and its Neighbours in the Chalcolithic Period", Antiquity :93 372, e (34).

Emberling, Geoff & McDonald Helen, (2001). Excavations at Tell Brak 2000: Preliminary Report, Iraq, (63).

(2003). "Excavations at Tell Brak 2001-2002: Preliminary Report", Iraq (65).

Frangipane, Marcella, (2009). "Rise and Collapse of the Late Uruk Centers in Upper Mesopotamia and Eastern Anatolia" in: Scienze dell'antichità Storia Archeologia Antropologia (15).

(2001). The Transition Between two Opposing Forms of Power at Arslantepe (Malatya) at the Beginning of the Third Millennium, Turkiye Bilimler Akademisi Arkeoloji Dergisi-TUBAAR (4).

(2016c) Early Urbanism on the Margins of Upper Mesopotamia- Complex Settlement Patterns and Urban Transformation on the Rania Plain in Northeastern Iraq, in Trajectories of Complexity in Upper Mesopotamia, S., Al Kuntar, and M., Iamoni, Studia Chaburensia Series, Wisesbaden: Harrassowitz, (ed.).

Sołtysiak, Arkadiusz, (2009). "Short Fieldwork Report: Tell Brak (Syria), Seasons 1984–2009", Bioarchaeology of the Near East (3).

Stein, G. J. (1999). Material Culture and Social Identity : the Evidence for a 4th Millennium BC Mesopotamian Uruk Colony at Hacinebi, Turkey. Paléorient, 25(1),11–22. http://www.jstor.org/stable/41492727

(2001). "Indigenous Social Complexity at Hacinebi (Turkey) and the Organization of Uruk Colonial Contact|, Uruk Mesopotamia & its Neighbors.

(2012). "The Development of Indigenous Social Complexity in Late Chalcolithic Upper Mesopotamiain the 5th-4th millennia BC – An Initial Assessment", Origini 24 (5).

Stein, G. J., Bernbeck, R., Coursey, C., McMahon, A., Miller, N. F., Misir, A., Nicola, J., Pittman, H., Pollock, S., & Wright, H. (1996). "Uruk Colonies and Anatolian Communities: An Interim Report on the 1992-1993 Excavations at Hacinebi, Turkey". American Journal of Archaeology, 100 (2).

Stein, G. J., & Alizadeh A., .(2015). Surezha, "Kurdistan, Oriental Institute 2013-2014 Annual Report", Chicago, Oriental Institute Publications.

(2017). "Excavation at Surezha (Erbil Plain, Kurdistan Region, Iraq), 2016-2017 Annual Report", available online at https://isac.uchicago.edu/sites/default/files/uploads/shared/docs/Publications/Annual-Reports/2016-2017/AR-2016-2017-Surezha.pdf.

Stein, G., j. & Fishier M., .(2020) Surezha Excavations 2019, Erbil Plain, Kurdistan Region, Iraq, the Oriental Institute 2019-20 Annual Report. available online at https://www.researchgate.net/publication/346927014_2020_Gil_J_Stein_and_Michael_Fisher_Surezha_excavations_2019_Erbil_plain_Kurdistan_region_Iraq_Oriental_Institute_Annual_Report_2019-2020_Pp_127-145 University_of_Chicago_Oriental_Institute_Publicatio.

Tomé, A., Cabral, R., & Penette, S., .(2016 ).The Kani Shaie Archaelogical Project in: The Archaeology of the Kurdistan Region of Iraq and Adjacent Regions, by Kopanias, K., and MacGinnis , j.

Vallet, R., (2015). "Report on the First Season of Excavations at Girdi Qala and Logardan, From Village to State in the Near and Middle-East", Maison Archeoloie Ethnoloie (M.A.E.)- Nanterre, UMR 7041 ARSCAN – VEPMO,.

( 2016). "Report on the Second Season of Excavations at Girdi Qala and Logardan, From Village to State in the Near and Middle-East", Maison Archeoloie Ethnoloie (M.A.E.)- Nanterre, UMR 7041 ARSCAN – VEPMO.

Giraud, Jessica., (2016). Surface Survey of the Dinka Settlement Complex, 2013 and 2015, in Peshdar Plain Project Publications: V.1., Karen Radner, F. Janoscha Kreppner and Andrea, Squitieri.ed., PeWe-Verlag- Gladbeck.

Gopnik, Hilary, Reichel, Clemens, Minc, Leah & Elendari, Rasha, ( 2016). "A View from the East: The Godin VI Oval and the Uruk Sphere", Journal of Archaeological Science: Reports. V.(7).

Hutchinson R. W., (1935). "Uruk and Yortan", Iraq , 1935 (2).

Kolinski, Rafal, (2018). An Archaeological Reconnaissance in the Greater Zab Area of the Iraqi Kurdistan (UGZAR) 2012- 2015, in Proceedings of the 10th International Congress on the Archaeology of the Ancient Near East 25–29 April 2016, Vienna, Horejs Barbara, et al. Ed. V. (2). Harrassowitz Verlag, Wiesbaden.

Kuhrt, Amélie., (1995). The Ancient Near East, c. 3000-330 BC, I., London and New York.

Mallowan E., L., Max, (1947). "Excavations at Brak and Chagar Bazar", Iraq (9).

Mardas, Joanna, (2019). Development of Settlement in the Northern Iraq Since Hassuna till Ninevite 5 Period (6500-2699 B C), PhD., Dissertation Submitted to Uniwerstet Im , Adama Mickiewicza Wydzial Historyczny.

Miglus, A., Peter, Bürger, Ulrike, Mühl Simone & Sollee Alexander, (2013) Excavation at Bakr Awa 2010 and 2011, Iraq,(75).

Robert, J. Braidwood, and Howe, Braidwood, (1960). Prehistoric Investigation in Iraqi Kurdistan, The university of Chicago press.

Sağlamtimur, Haluk, Batihan Matin & Aydoğan Inan, (2020). Between the Plains and the Mountains: a Brief look at Upper Tigris Region in the Post-Uruk Period According to Data From Başur Hoyuk in: Pathways through Arslantepe Essays in Honour of Marcella Frangipane, eds Restelli,B., F., et al.

Selz, J., Gebbard, (2020). The Uruk Phenomenon In: The Oxford History of the Ancient Near East, Edited by: Karen Radner, Nadine Moeller and T. Potts, Oxford University Press.

Skuldbol, Tim, & Colantoni, Carlo., (2016), Early Urbanism on the margins of Upper Mesopotamia – Complex settlement patterns and urban transformations on the

Rania Plain in northeastern Iraq, [in:], Iamoni, M., (ed.), Trajectories of

Complexity: Socio-Economic Dynamics in Upper Mesopotamia in the Neolithic

and Chalcolithic Periods, [Studia Chaburensia 6], Wiesbaden: Harrassowitz

Verlag: 1-26.

(2016b). Tracing the Early Urbanism in the Hilly Flanks of Mesopotamia three Years of Danish Archaeological Investigations on the Rania Plan, in the Archaeology of the Kurdistan Region of Iraq and Adjacent Regeions, by Kopanias, K., and MacGinnis J. Oxford.

(2018). "Report on the Fourth Season of Excavations at Girdi Qala and Logardan, From Village to State in the Near and Middle-East", Maison Archeoloie Ethnoloie (M.A.E.)- Nanterre, UMR 7041 ARSCAN – VEPMO,


(2020). Early Uruk Expansion in Iraqi Kurdistan: New Data from Girdi Qala and Logardan , in Proceedings of the 11th International Congress on the Archaeology of the Ancient Near East, 2018, ICAANE, Vol. 2. 2018, Otto, Adelheid, et al., Ed., Munich, Germany, ffhal-03088149f.

Vallet, R., Baldi J., Naccaro H., Rasheed K, Saber A., Saber & Hamarasheed, J., .(2017). "New Evidence on Uruk Expansion in the Central Mesopotamian Zagros Piedmont", Paléorient, (43.1).

Wright, H.T. & Rupley, E., (2001). Calibrated radiocarbon age determinations of Uruk-related Assemblages, in: Rothman, M. (ed.), Uruk Mesopotamia and its neighbors: Cross-cultural interactions in the era of state formation, Santa Fe.

وێنەی ژمارە (١)


بینای سێ لۆبی لە قالینج ئاغا




(Abu Al- Soof, 1969,41).

وێنەی ژمارە (٢)


بینای تاقدار لەگردی کوڕ لە ڕانیە




(Skuldbøl & Colantoni, 2016, 10, fig. 4.)

وێنەی ژمارە (٣)

خواوەندی چاو، لە پەرستگای چاو لەگردی براک



(Mallowan , 1947, pl. LI).